# کۆنفرانسی "بەرەی دژ بەدیپۆرتکردنەوەی پەنابەران" بەدوای تەواوبوونی بەرنامەی کاری خۆی بریار نامەیەك بەدژی دیپۆرتی پەنابەرانی کوردو عیراقی ئاراستەی تۆنی بلیر سەرۆك وەزیرانی بریتانیا دەكات!

رۆژی شەمە 24–6–2006 کۆنفرانسی یەکەمی بەرەی دژ بە دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران لەشاری لەندەن بەسترا. لەم کۆنفرانسەدا ئەندام پەرلەمانی ئەوروپاو بریتانیا ونۆینەرانی چەندین رێکخراوەی پەنابەری وچەند یەکیتی کرێکاری بریتانیا و رێکخراوە ئینسانی یەکان بەشداریان تێدا کرد .

سەرەتای کۆنفرانسەکە (Sara) هەڵسوراوی بەرەی دژی دیپۆرتی پەنابەران بۆ عیراق بەخیرهاتنی ئامادەبووانی کردو پاشان بەرنامەکانی کۆنفرانسی راگەیاند، بەدوای ئەودا جاك ماگدۆنالد (John Mcdonnel) ئەندام پەرلەمانی بریتانیا لەقسەوباسیکدا رای گەیاند کە نابێ هیچ پەنابەرێك بۆ عیراق دیپۆرت بکریتەوە ..هەروەها تەئکدی لەوە کردەوە کەپێویستە لەزووترین کاتدا لەنیو پەرلەمان کۆیوونەوەی کراوە بکرێ بۆ ئەندام پەرلەمانەکانی تر تایبەت بەکیشەی پەنابەرانی عیراقی.. جاك ماگدۆنالد لەکۆتایی قسەکانیدا ویرای پشتیوانی خۆی لەکارەکانی بەرەی دژی دیپۆرتی پەنابەران وگەورەکردنەوەی کارەکانی، رایگەیاند کە پێویستە لە3 مانگ تا 6مانگی داهاتوودا دەبی فشاری زیاتر بخریتە سەر حکومەت ..

پاشان (دەشتی جەمال) ووتەیەکی لەبارەی بارودۆخە پەنابەران و سیاسەتی حکومەتی بەریتانیاوە پیشکەشکرد، کە دەقی قسەو باسەکانی بەجیا بلاودەکریتەوە هەروەها (Tim Finch ) بەنۆینەرایەتی رفیوجی کنسل، سەوسەن سەلیم بەرپرسی رێکخراوی ژنانی کوردستان، بورهان فەتاح بەرپرسی فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراق لەمانچستر(Arun Kundnani) لەلایەن کەمپینی دژی راسیزم وفاشیزم،(Sara Cutler) لەرێکخراوی (BID)،وە(kate) لەلایەن کەمپینی ( Bride without Borders)،وە( Holton Doug ) لەرێکخراوی دیپۆرتی مندالان راگرن لەبەشی یەکەمی بەرنامەکانی کۆنفرانسەکەدا بەچەند قسەوباسیك بەشداریان کرد. بەدوا ئەم بەشە پرسیار وەلام دانرا لەم بەشدا (دەشتی جەمال، سەوسەن سەلیم، بورهان فەتاح ،Sara) وەلامیان بە پرسیارەکانی ئامادەبووان دایەوە لەسەر ئایندەی کارەکانی بەرەی دژی دیپۆرت.

بەشی دووەمی بابەتەکانی کۆنفرانس تەرخان کرا بوو بۆ ژمارەیەك پەنابەری کورد کە قسەو باس بکەن لەسەر هۆکارەکانی ئاوەرەبوونیان لەکوردستان و مامەلەی دژ ئینسانی دەولەتی بریتانیا بە پەنابەران لەوانەش بەریزان (کاروان، گولزار، شوانە، ریبوار، کۆسرەت، عباس) لەبارەی ژیان ودۆخی داوای پەنابەریتی خۆیانەوە قسەوباسیان کرد..

لەبەشی کۆتای کۆنفرانسەدا کەتەرخان کرابوو بۆ پانیلێك بۆ(Jean Lambert) ئەندامی پەرلەمانی ئەورپا و لەحزبی سەوز، هۆزان محمود نۆینەری کۆنگرەی ئازادی عیراق لەدەرەوە، (Binette George) لە یەکیتی کرێکاری (UNSON) لەم کۆنفرانسەدا بەدریژی بەشداربوان قسەو باسیان لەبارەی نائەمنی عیراق و کوردستان و جەنگ وداگیرکاری وئاکامە زیان بارەکانی بۆ سەر ژیانی خەڵکی عیراق و کوردستان لەوانەش ئاماژەیان کرد بەشەپۆلی تیرۆرو کوشتن وسەربرین وجەنگی تایفی و مەزهەبی بی یاسای و گەندەلی ئیداری وسەرکوت و زیندان وراونان کە بەهەزاران ئینسانی کردوتە قووربانی و هەزارانیشی ئاوارەو دەربەدەر کردوە وە . سەرەنجام کۆنفرانس هاتە سەر باسی سیاسەتێك کە ولاتانی ئەوروپا، لەوانەش بریتانیا کەلەبەرانبەر پەنابەراندا گرتویانەتەبەر ولەم بارەشە تەئکید لەسەر فشار خشتنە سەردەولەتی بەریتانیا و هەولدان بۆ راگرتنی سیاسەتی دیپۆرتی پەنابەرانی کوردو عیراقی کرایەوە..گەورەکردنەوەی بەرەی دژی دیپۆرت .کاری هاوبەش و لووبی بەرێکخشتن لەپەرلەمان ..بەتایبەتیش بەشداری لەخۆپشاندانی گەورەی مینبەری کۆمەلایەتی ئەورپا لە 7–10 ودانانی کووبوونەوەی گشتی تر بۆ ئەندام پەرلەمانەکان بەهەدەڤ بەهیز کردنی بەرەی دژی دیپۆرت و بەرەسمیت ناسینی ماڤ پەنابەری بۆ پەنابەرانی کوردو عیراق و هەروەها رێکخستنی کاری کەمپینی فراوان وجەماوەری،پتەوکردنی بەرەی دژ دیپۆرت لە ئاستی وولاتەکانی ئەورپا وپشتیوانی بەرەی ئازادیخواز پێشکەوتووخوازی .. سەرەکیترینی ئەو ئەرکانەبوو کە تیکرای بەشدار بووان قسەو باسیان لەسەر کرد و وەك بەرنامەی داهاتووی بەرەی دژی دبپۆرت تەئکیدی لی کرایەوە.

پاشان بریار نامەیەك کە بۆ توونی بلیر سەرۆك وەزیرانی بریتانیا وە وەزارەتی ناخۆ و پەرلەمانی ئەوروپا ئامادەکرابوو پەسەند کرا و کۆمیتەیەکیش بۆ راپەراندنی کارەکانی ئایندەی بەرەی دژی دیپۆرتی پەنابەران بەتیکرای دەنگ هەڵبژیردران

که پیکهاتووه له(تەها حەمید،شوانه حمید،سەوسەن سەلیم ،دەشتی جەمال،کامەران قادر،بورهان فەتاح،عباس پشدەری،Sara Parke,George Binette,Jean Lambert,Doug Halton).

شایەنی باسه چەندین پەیامی پشتیوانی لەخواستەکانی ئەم کۆنفرانسه نیرابوو لەلایەن رێکخراوی لیبوردنی نیودەولەتی(امنستی) سکرتیری یەکتی کرێکاری(CWU) یەکیتی کرێکاری (PCS) و( Democratic Socialist Alliance) کۆمەلەی رزگاری کریکاران،رێکخراوی ( Barbed wire Britain Network to End Refugee and Migrant Detention,سکرتیری یەکتی کریکاری (NUJ) وه چەند رێکخراوی پەنابەری و ئینسانی و یەکیتی کرێکاری وکەمینەرو کەسایەتی تر .

بەم شێوەیه کۆنفرانس لەنیو شورو شەوقی بەشدار بوان سەرکەوتووانه کارەکانی خۆی تەواوکرد.

## بەرەی دژی دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران بۆ عیراق

## 2006-6-27

---


بۆ زانیاری زیاترو پەیوەندی بکەن بەسارەپارکەر به ژمارەی(07951875853) ئیملی : sarahp107@hotmail.comودەشتی جەمال بەژمارەی(07734704742) وئیملی: d.jamal@ntlworld.com . ،لەشاری مانچستەر پەیوەندی بکەن به بورهان فەتاح بەژمارەی(07866757213) ئیملی: burhanfatah@aol.com.،لەشاری نوتین هام پەیوەندی بکەن جاسم غفوریه ژمارەی(07739338178)و ئیملی:jasm_rg@yahoo.co.uk
www.csdiraq.com